نێچیرڤان بارزانی و نوری مالیکی پرسە هەڕەسهێنەرەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاوتوێ دەکەن



لە بەردەوامیی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ نووری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسای عێراق کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا بەهێزکردنی هاوبەشیی نیشتمانی و چارەسەرکردنی پرسە هەڕەسهێنەرەکانی نێوان هەولێر و بەغدایان بۆپێی دەستووری عێراق تاوتوێ کرد و لە ڕاگەیەندراوەکەی سەرکایەتی هەرێمی کوردستان هاتووە، هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی پابەندبوون بە دەستوور بۆ دەستبەرکردنی مافی هەموو پێکهاتەکانی عێراق.

هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر پێویستیی لەکگەیشتن و بەهێزکردنی دیالۆگی سیاسی لەنێوان هێز و لایەنە عێراقییەکاندا و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە هەنووکەییەکان و ئاێندەییەکانی بەردەم وڵات.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسیان لە پێشهاتەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی دۆخی سووریا کرد و لەکەوتەکانی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر عێراق.

ئەمش لەکاتکدا هەر لە بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە 13ـی 1ـی 2024، نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرەمی کوردستان سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق کرد و لەگڵ هەریەکە لە سەرک کەمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید و سەرک وەزیرانی عێراق، محەممەد شیاع سودانی، هەروەها لەگڵ حەیدەر عەبدای و موسەنا سامەرائی و نوری مالیکی کەبووە و تاوتوێی دۆخی هەرەمی کوردستان و عێراق کرد.

تا ئێستاش هیچ هاگیاندراوەکی فەرمی لە سەرکایەتی هەرەم و ئەو لایەنانەی سەرکی هەرەم لە بەغدا لەگڵیان کەبووە لەسەر دەرئنجامی کۆتایی سەردانەکە بە بەغدا و ئەو سەرکردانە بڵاونەکردۆتەوە، جگە لە هاگیاندراوەکی هاوبەشیان لە کەبوونەوەی سەرکی هەرەم لەگڵ محەممەد شیاع سودانی کە باس لە چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و ناردنی بودجەی هەرەمی کوردستان کرا.